## سوبژێکتیڤیتە لە نێوان ئێپیفێنی و سنوورەکاندا:
# زمان و پێکهاتەی گێڕانەوە لە ڕۆمانی گابۆڕدا

**د. بەختیار سەجادی**
**(زانکۆی کوردستان - بەشی زمانی ئینگلیزی و زمانناسی)**

**١- پێشەکی**

بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی گابۆڕ لە نووسینی قادر هیدایەتی، هەواڵێکی دڵخوشکەری بۆ هێنام، چونکە دەمێ ساڵە چاوەڕوانی بەرهەمێکی وام لە نووسەرەکەی دەکرد. هەژدە ساڵ بەر لە ئێستا ڕەخنەیەکم لەسەر کورتەچیرۆکێکی قادر هیدایەتی نووسی و پێشم وابێ، یەکەم جار بوو بەرهەمێکی نووسەری گابۆڕ دەخرایە بەر هەڵسەنگاندنەوە. هەر خێرا پاش ئەوە، داوای وتارێکم لێ کرد بۆ گۆڤاری (هێما) کە ئەو دەم سەرنووسەری بووم. قادر هیدایەتی وتارێکی سەبارەت بە ڕوانگەکانی پۆپەر بۆ ئەفلاتوون نووسی و لە ژمارەی دوو دا (بەهاری ١٣٨٠) بڵاو کرایەوە. ئەو وتارە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ یەکێکە لە باشترین نووسینەکان بە زمانی کوردی سەبارەت بەو پرسە، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە قادر هیدایەتی نەک هەر لە گوتاری ئەدەبیدا، بەڵکو تەنانەت لە خوێندنەوەی دەقی مەعریفی و هزریشدا خاوەن ئەزموونێکی باڵکێشە. تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی بەردەست ئەوەمان پێ دەڵێ کە نووسەرەکەی لەم چەند ساڵەی ڕابوردوودا بەباشی خۆی پەروەردە کردووە و بەرهەمی ئەدەبی تۆکمەی زیاتریشی خوێندووەتەوە.

هەڵبەت وەک لە درێژەی ئەم نووسینەشدا دەردەکەوێ، دابڕانی نێوان ئەو نووسەرە و بەشێکی زۆری قەڵەم بەدەستانی کورد لەگەڵ ڕەوتی نووسینی داهێنەرانە بە زمانە ڕۆژئاواییەکان و بە تایبەتی نەخوێندنەوەی لووتکەکانی ڕۆمانی نوێخوازانە و پاش نوێخوازانە بە تایبەتی بە زمانی ئینگلیزی، هەردەم یەکێک بووە لەو هۆکارانەی کە بێژین تەنانەت گابۆڕیش، سەرەڕای نوێکارییەکانی لە ڕووی فۆرم و بە تایبەت تەکنیکەوە، هێشتاکانێ هەر کەمی خولقاندووە، نەخاسمە لە ڕووی فۆرم و زۆر تایبەتتر لە ڕووی زمانەوە.

ئەم نووسینەی بەردەست سەرەتا لە وەدیارکەوتنی «ئێپیفێنی» دەکۆڵێتەوە لە ڕۆمانی گابۆڕدا و دواتر دەیەوێ تیشک بخاتە سەر بەرجەستەبوونەوەی لایەنی ماکی و مۆرکی بەرهەستی ئەزموونێکی زەینی کە تێیدا سووژەی ئاخێوەر لە حەقیقەتی زمان وەک کیانێکی نەرێکارانە ئاگادار دەکرێتەوە، پاشان، هەوڵ دەدات ڕەوتی «پێکهاتنی سوبژێکتیڤیتە» لە کەسایەتی سەرەکیدا لێکبداتەوە و پەنجە بخاتە سەر کۆمەڵێ چەمک وەک «جێگورکێی سوبژێکتیڤیتە» و «لەخۆنامۆیی زمانناسانە». لەم بەشەدا خوێندنەوەیەک ئاراستە دەکرێ بۆ ئەو دۆخە جیاوازانەی کە ئاستە جیاجیاکانی زمانی کوردی بۆ سووژە جیاوازەکان دروستی

دەکات، ئەو بیرۆکەیەش پێشەکەش دەکرێ کە زمانی کوردی لە بەرهەمی بەردەستدا لە دۆخی خەرمانەییدایە. لە بەشی دواییدا، وتارەکە هەوڵ دەدات لە دەرکەوتەکانی واتای «سنوور» بکۆڵێتەوە لە ڕۆمانی گابۆڕدا، بۆیەش کۆمەڵێ سەرەک واتا و بن واتای ڕۆمانەکە شرۆڤە دەکات. لە دوابەشیشدا هەندێ تایبەتمەندیی سیستمی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە لێکدەداتەوە وەک «تەکنیکی زاڵ» و «گێڕانەوەی هاوتەریب». لە کۆتاییدا ئەنجامی خوێندنەوەکە ئاراستە دەکات بە سەرنجدان بە جێگەی ئەو بەرهەمە لەنێو ڕۆمانی ئێستای کوردیدا.

**٢- ئێپیفێنی**

**٢-١- ئێپیفێنی لە ئایین و ئەدەبیاتدا**

ئێپیفێنی، کە بۆ یەکەم جار لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا وەک ئەزموونی ڕوحیی کەسایەتییەکان لە چیرۆکی نوێخوازانەدا بەکارهێنرا، لە بنەڕەتدا لە ئایینی مەسیحییەتەوە وەرگیراوە. ئێپیفێنی زاراوەیەکە لە خواناسیی مەسیحییەوە دزەی کردووەتە نێو ئەدەبیاتەوە. وەک زاراوەیەکی ئاییناسانە و خواناسانە، ئێپیفێنی هەڵگری دوو مانایە؛

**یەکەم:** بە گوێرەی ئایینی ئۆرتۆدۆکس بریتییە لە دەرکەوتنی ڕوحی خوا لە جەستەی مەسیحدا لە ساتەوەختی لەدایکبوونیدا.

**دووەم:** بە شێوەیەکی گشتیتر بریتییە لە دەرکەوتنی ڕوحی مینۆکی لە ڕواڵەتی جبرائیلدا بۆ مەسیح لە کاتی سرووشی ئاسمانیدا. ئێپیفێنی، یان ئێپیفێنوس ساتەوەختی دەرکەوتنی حەقیقەتە بۆ مەسیح لە ڕێگای جبرائیلەوە. ئەم چەمکە لە فارسیدا بە «تجلی» و «ظهور» دانراوە و لە فەرهەنگی ئینگلیزی - کوردی، زاراوەی ئەدەبیدا هاوواتای «دەرکەوتنی لە ناکاو»، «لەپڕ هەڵاتن»، «دیارکەوتنی بەلەز» و «خویابوون»ی بۆ دانراوە. بە واتایەکی تر، کاتێ جبرائیل لە ناکاو و بە شێوەی تیژتێپەڕ دەردەکەوێ، لەگەڵ خۆیدا حەقیقەتێک بۆ مەسیح دەهێنێ و پێغەمبەر لە شتێک ئاگادار دەکاتەوە کە پێشتر نەیزانیوە.

لە ئەدەبی چیرۆکی مۆدێرنیستیدا «ئێپیفێنی» دەلالەت لەو ئەزموونە ڕوحییە کتوپڕە دەکات کە لە چرکەساتێکدا ڕوو دەدات و گۆڕانکاری قووڵ و بنەڕەتی بەسەر ڕوانگە و بۆچوونی کەسایەتیدا دەهێنێ. جەیمز جۆیس یەکێکە لەو نووسەرانەی بۆ یەکەم جار هەوڵی نواندنەوەی ئەزموونی ئێپیفێنیکی داوە، بەڵام نەک لە پێغەمبەران و پیاوچاکانی ئاییندا، بەڵکو لە کەسایەتییە ئاساییەکانی چیرۆکەکانیدا. باشترین نموونە بۆ دەستنیشان کردنی ئەو تەکنیکە، دوادێڕەکانی کورتەچیرۆکی «ئەرەبی»یە لە کۆمەڵە چیرۆکی (دوبلینییەکان) کە لەوێدا ڕوانینی باش و ئەرێیانەی مێرمنداڵێک بۆ ئەڤینی پاک و پێوەندی سۆزدارانەی نێوان خۆی و کچە دڵخوازەکەی، بە هۆی هەڵسوکەوتی بێ ڕەوشتانە و قسەوباسی وروژێنەری دوو گەنجی کڕیار و ئافرەتێکی فرۆشیارەوە لە بازاڕی ئەرەبیی شاری دوبلین، بە تەواوەتی دەگۆڕدرێ و دەبێتە خاوەنی ڕوانگەیەکی ڕەشبینانە بۆ هەر جۆرە پێوەندییەکی سۆزەکی نێوان کوڕ و کچ، بەم چەشنەش بۆ یەکەم جار لە لایەنی شاراوەی ئەو جۆرە پێوەندییانە ئاگادار دەکرێتەوە؛ ئەمەش ئەو حەقیقەتەیە تا پێش ساتەوەختی ڕوودانی ئێپیفێنی نەیدەزانی. هەر ئەم نموونەیە لە کورتەچیرۆکی «دەمەوێ بزانم بۆچی» نووسینی شێروود ئەندێرسۆن دەرکەوتووە و ئەو گۆڕانکارییە زەینییە لە ناخی کەسایەتی سەرەکی کورتەچیرۆکەکەدا بە ئاشکرا دەبینرێ. (١)



**٢-٢- ئێپیفێنی لە گابۆڕدا و زمانی بەماک بوو(٢)**

دەستپێکی بەشی پێنجەمی ڕۆمانەکە، پیشاندەری ئەو ساتەوەختەیە عەبدول متەللیب وەک مێرمنداڵێک بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا لە نزیکەوە و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نووسینی کوردی بە چاوان دەبینێ. عەبدول متەللیب تا ئەم ساتە لە ڕووی ڕوانین و بیرکردنەوەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆیدا نییە و وەک ئەوان خۆی بە هەندێ کار و گەمەی ترەوە، وەک تۆپ تۆپێن، یان کایە و کەڵکەڵەی ئەو قۆناغەی ژیانی مێرمنداڵێتی خەریک کردووە؛ کەچی لێرە بە دواوە ئیدی پەرەسەندنە زەینییەکان یەک لە دوای یەک و پلە بە پلە سەر هەڵدەدەن:

دانووییەوە لاپەڕەکەی هەڵگرتەوە. لاپەڕەکە چرچولۆچ ببوو، جوان دیار بوو شۆرمەزەی تێدا خوراوە.

بەڵام کەلیمەکانی هەر دەخوێندرانەوە.

کوتم ئەوە چین، ئەو کەلیمە سەیرانە؟ دادەی.

بە زمانی فارسی نەبوو، بەڵام ئەو دەیتوانی بیخوێنێتەوە. (ل. ٨٠)

ئەزموونی کەسایەتی لەم وێستگەیەی ڕەوتی گەشەپێدانی زەینیدا بە ئێپیفێنی ناوبردە دەکرێ، ئەمەش، واتە ئەو بارە ڕوحییەی لەناکاو بە هۆی ئاگاداربوون لە حەقیقەتێکەوە بە قووڵی نێرین و ڕوانگەکانی کەسایەتی دەگۆڕێ. سەرەک واتای ڕۆمانی گابۆڕ لێرە بە دواوە دەردەکەوێ کە بریتییە لە یەکەم چرکەساتەکانی پێکهاتنی سوبژێکتیڤیتەیەکی تازە و ڕەوتی گەشەکردنی ئەو سوبژێکتیڤیتەیە و دەرئەنجام و لێکەوتەکانی. پێشتر، واتە لە بەشە سەرەتاییەکاندا، بن واتاکانی ڕۆمانەکە، وەک نەبوون و بۆشایی و سەرنەکەوتن و دووبارەبوونەوە، ئاراستە کراون.

ئەگەر ئێپیفێنی لە ئاییندا چیەتی و سروشتێکی مەعنەوی هەبووە و ئەگەر لە ئەدەبی چیرۆکی مۆدێرندا بە زەمینی کراوە و کەسایەتییە ئاساییەکانیش توانستی تاقیکردنەوەیان هەبوو، لە ڕۆمانی گابۆڕدا ئەمە دەرکەوتەی زمانە لەسەر کاغەزێ کە ئەو ئەزموونە زەینییەی دروست کردووە، ئەگەرچی زمان هەڵگری تایبەتمەندییەکی دەرهەست و مۆرکێکی نەرێکارانەیە، بەڵام لێرەدا بەماددەکراوە و پیتە بینراوەکانی سەر لاپەڕەی کاغەزەکە دەور دەگێڕن و خۆ دەنوێنن، ئەمەش پێش ئەوەی گرینگایەتی زمان لە پێکهاتنی سوبژێکتیڤیتەدا پیشان بدات، بۆخۆی دەربڕی گرینگایەتیی زمانی نووسینە، واتە زمانی نووسراو و پێگەی نڤیسار کە دواتر هەر لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەم زیاتری شرۆڤە بکەم.

ئەگەر ئێپیفێنی پێشتر بە هۆی سرووشێکی مەعنەوی و ڕوحێکی سەروو- زەوینییەوە سەری دەگرت، لە گابۆڕدا بە هۆی ماددەی بەرهەستەوە کە هەمان زمانی نووسراوی دیتراوی سەر کاغەزەکەیە ڕووی داوە. ئەم جارەیان دەرکەوتنی حەقیقەت نەک لە ڕواڵەتی وەحی پێغەمبەرانە و سرووشی شاعیرانەدا و نەک وەک بابەتی مینۆکی و تەواو دەرهەست و درەوشاوەی سەروو- زەمینی، بەڵکو وەک پیت (واتە، ماتریاڵ و ماک) بە شێوەی بینراو و بەرهەست ئەویش لەسەر کاغەز جۆرێکە لە بەرجەستەبوونەوەی لایەنی ماتریاڵی زمان و سەرنجدان بە زمان لە ساتەوەختی دەرکەوتنی مۆرکە ماکییەکەیدا، واتە زمانی بەماک بوو. ئێپیفێنی لە گابۆڕدا لەخۆگری ڕەوتی بەماددەبوونی بابەتە مەعنەوییەکانە و لێرەدا زمان نەک وەک نەرێکارانەیی(٣) و مەعنەوییەت، بەڵکو وەک واقیعی بەرهەست وێنا کراوە، ئێپیفێنی لێرەشدا تیشک دەخاتە سەر حەقیقەت، بەڵام حەقیقەت لێرەدا زمانە. زمانی کوردی، کە لەم چرکەساتەدا بە شێوەی ماتریاڵ دەرکەتووە، وەک لە درێژەدا باسی دەکەم، پاش قۆناغی بنیادنانی ناسنامە لە ڕێگەی واتا و بن واتاکانی ئەو بەرهەمانەی بەو زمانە نووسراون، دیسانەوە سەرلەنوێ دەبێتە هۆی دروستبوونی بابەتێکی تری مەعنەوی لە پێگەی خەرمانەیەکدا. ئەو لاپەڕەیەش کە هەڵگری بەشێکی گێڕانەوەیەکی فۆلکلۆریکە، لە لایەکەوە نرخ و دەوری گێڕانەوە پیشان دەدات، لە لایەکی تریشەوە، دەربڕی جۆرێکە لە چونیەکسازیی بەراوەژوو(٤) لە نێوان پاڵەوان فس فس و کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکەدا. لێکۆڵینەوەی ئەم ڕەهەندەی دوایی ڕۆمانەکە دەچێتە خانەی شێوەی کەسایەتی پەروەراندنەوە و لە درێژەدا باسی دەکەم.

**٣- سوبژێکتیڤیتە**

**٣-١- پێکهاتنی سوبژێکتیڤیتە**

بەشێکی بەرچاوی ڕۆمانی گابۆڕ بۆ وێناکردنی

وێستگە جیاجیاکانی ڕەوتی پێکهاتنی سوبژێکتیڤیتەیەکی ئازادیخوازانە تەرخان کراوە کە هەڵگری بیرۆکەی گەڕانەوەیە بۆ ناسنامەی کوردی و پەنجە دەخاتە سەر گرینگایەتی زمان و وێژە و فەرهەنگی ڕەسەنی کوردی، تەنانەت لەو پێناوەشدا ئامادەیە بۆ خەباتی شۆڕشگێڕانە. ئەم سوبژێکتیڤیتەیە کە پاش تاقیکردنەوەی چەندان وێستگەی ژیانی منداڵی و مێرمنداڵی گەنجان لە کۆمەڵێکی کوردیدا سەرهەڵدەدات، دوا قۆناغی پەرەسەندنە زەینییەکانی کەسایەتی پێک دەهێنێ. ئەم ڕەوتە سەرەتا بەو ئێپیفێنییەوە دەست پێ دەکات کە تێیدا سووژە لە حەقیقەتی زمان، پاشان ناسنامەی کوردی ئاگادار دەکرێتەوە و پەیتا پەیتا و بە شێوەیەکی بەردەوام و لە ڕەوتێکی خشۆک و پەرەئەستێندا گەشە دەکات.

کەریم لە دواساتدا ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە بە هەژیری وت درۆی کردووە، بەڵام هەژیر لە چوون بەرەو سنوور پاشگەز نەبووەوە. جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە تەنانەت ئەگەر کەریم ئەو درۆیەشی نەکردبا، هەژیر هەر بڕیاری ڕۆیشتنی دەدا. ئەگەر دڵەڕاوکێ و دڕدۆنگی لای کەریم زاڵە و ئەم ترسەش ناخودئاگا لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی قەسابخانەدا دەرکەوتووە، هەژیر بە پێچەوانەوە بەوپەڕی ڕەهاگەرییەوە بڕیاری خۆی داوە. پێکهاتنی ئەم سوبژێکتیڤیتەیە بە ڕەوتێکی درێژخایەندا تێپەڕیوە و چەندان قۆناغی جیاجیای بڕیوە. چیرۆکی «پاڵەوان فس فس»، ناڵەی جودایی، ملوانکەی شین، بۆ کوردستان و ئاشنایەتی لەگەڵ کتێبفرۆشەکان و هاتوچۆ بۆ شوێنگەی خوێندەواران و سەرجەم ئەو قۆناغانەی دیکە کە تێکڕا لە ڕێگەی زمانەوە و بە هۆی زمانەوە تێپەڕێنراون، لە ئاکامدا سوبژێکتیڤیتەیەکی هێندە لاوازیان بۆ هەژیر بەرهەم نەهێناوە کە ئەگەر لە پڕێکدا بزانێ کەریم درۆی وتووە، پاشگەز ببێتەوە. هەژیر کەسایەتییەکی ڕۆمانتیکە و دەیەوێ لەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییەی هەندێ کەسایەتی وەک (هەژار) و بە تایبەت (هێمن) دەخرێنە بەر توانج و تەشەرەوە، خاوەنی کرداری ڕۆمانتیک بێ و هەڵوێستی ئازایانە و ئازادیخوازانە بنوێنێ. گەلێک لاپەڕەی بەشەکانی پێنج و شەش و حەوت بۆ نواندنەوەی چۆنیەتی پێکهاتنی ئەو سوبژێکتیڤیتەیە تەرخان کراون.

«لەخۆنامۆیی زمانناسانە»، وەک زاراوەیەکی لاکانی، زیاتر لەو ساتەوەختانەدا ڕوو دەدات کە سووژە لە هەمبەر تەوژمی ڕاستەوخۆی زمانێکی تردا، یان شێوەیەکی تری زمان و دەلالەتە نوێیەکان جێگیر دەکرێ. زمان، نەک هەر لە پێگەی سیستمێکی پێکهاتوو لە دال و نیشانە، بەڵکو تەنانەت بە جۆری پێکهاتە و ڕواڵەت و شێوەی ڕستەسازیشیەوە، کار لە ناسنامەی سووژە دەکات و لە ناخودئاگای سووژەدا جێگەیەک لەبۆ خۆی دەسازێنێ و بەم چەشنە سووژە دەبێتە هەڵگری مۆرکێکی جیاوازی ناسنامە کە دەکرێ بە سوبژێکتیڤتە ناوبردە بکرێ. سووژە بە هۆی ئەم زمانە تازەیەوە لە خودی خۆی و لەوەی پێشتر پێکی هێناوە، نامۆ دەبێ.

لە گابۆڕدا ڕەوتەکە پێچەوانەیە؛ واتە، نەک بەو چەشنەی کەسایەتییەکە فارسی فێر دەبێ و لە کوردی نامۆ دەبێ، بەڵکو بەو مانایە کە لە کوردی ئاگادار دەکرێتەوە و لە فارسی نامۆ دەبێ؛ ئەو فارسییەی پێشتر خود و ناسنامەی بۆ بەرهەم هێنابوو. لێرەدا فێربوون و خوێندنەوە و نووسینی کوردی لە گۆڕێدایە و بەم شێوەیە ڕەوتی پێکهاتنی سوبژێکتیڤیتەیەک دەست پێ دەکات کە لەسەر بنەما و بە گوێرەی زمانی کوردی (لەگەڵ سەرجەم خەسڵەتەکانی ئەو زمانەدا) دامەزراوە. لەخۆنامۆیی زمانناسانە بۆ هەژیر ڕێک بە پێچەوانەیە، ئەمەش جیای دەکاتەوە لەو کەسایەتییە تیپیکانەی ڕوو لە فارسی دەکەن. ئاماژە فرەپاتەکان بۆ گرینگایەتی سەعدی و دەوری گولستان و بووستان و هەروەهاش بە پێچەوانەوە، ناوهێنانی مامۆستایانی زمان و ئەدەبی کوردی بە شێوەی «ڕەحمانی هەژار» و «کوڕی شیخولئیسلام» و پەنجە خستنە سەر بەسەرهاتی تراژیک و باری نالەباری ژیانیان لە لایەن باوکی کەسایەتییەکەوە، باشترین نموونەن بۆ پیشاندانی ئەم پرسە.

### ٣-٢- جێگۆڕکێی سوبژێکتیڤیتە

ئەو هەموو هەوڵە بۆ سڕینەوە، یان گۆڕینی ناوی پێشوو و تۆمارکردنی ناوی تازە، واتە لە عەبدول متەللیب-ەوە بۆ موتەللیب و پاشان بۆ هەژیر، کە لە بەشگەلی چوار و بە تایبەت نۆدا ڕووبەڕووی دەبینەوە، نموونەن بۆ نواندنەوەی جێگۆڕکێی سوبژێکتیڤیتە و هەوڵی هۆشیار و ناهۆشیارن بۆ دەستەبەرکردنی

ناسنامەیەکی تر لە لایەن خودی عەقڵانی، یان ئایدیۆلۆجیکی سووژەوە:

نێوی هەژیر نەبوو. کەسیش پێی نەدەکوت هەژیر؛ تەنانەت کەریمی ئاواڵیشی کەم وابوو بە هەژیر بانگی بکا، تەنانەت ئەویش عادەتی بەو نێوە تازەیە نەگرتبوو. زۆر جار لە بیری نەدەبوو وای پێ بڵێ. زۆری پێ خۆش بوو نێوی هەژیر بوایە و ئەو نێوە دوورودرێژ و ناخۆشەی لە کۆڵ بکەوتایە. (ل١٥٣)

وەک دەبینرێ، ئەو هەوڵانە سەرەتا ڕواڵەت و فۆرمێکی خودئاگا و هۆشیارانەیان هەیە، بەڵام هەرچی ڕەوتی پێکهاتنی سوبژێکتیڤیتە زیاتر دەچێتە پێشێ، ئەو هەوڵانەش زیاتر بە گوێرەی زەینی ناهۆشیار هەڵسوکەوت دەکەن. پێوەندی ناو و کیان، یان ناو و ناسنامە، باسێکی فرەپاتی گوتاری ڕەخنەییە. ناو دالێکە و مەدلوول تەعبیرە لە ناسنامە، بێجگە لەمەش ناولێنان و بانگکردن وەک لێپێچینەوە سەیر دەکرێ؛ هەر کاتێ «عەبدولموتەللیب» بانگ دەکرێ، لە ڕووی ئایدیۆلۆجیکەوە و بە هۆی دەلالەتی ناوەکەیەوە وەک ئەوە وایە لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێ، بەم لەونەش ناسنامەیەکی ئایینی بۆ دابین دەکرێ. هەر ئەم حاڵەتەش بۆ هەژیر دروستە و لێرەدا دەلالەتەکان دڵخوازی ئەون. دوورەپەرێزی لە دەلالەتی عەرەبی و ئایینیی ناوی یەکەم و پەرۆشی بۆ دەلالەتی کوردی و واتایی ناوی دووەم، ڕەوتی جێگۆڕکێی سوبژێکتیڤیتە پیشان دەدات کە بە قۆناغی ئەوپەڕهۆشیارییەوە تێپەڕ دەبێ، واتە هۆشیاریی سووژە دەربارەی هەر دوو دەلالەتە پاڵەکی و فەرهەنگییەکانی ناوەکەی خۆی.

جێگۆڕکێی سوبژێکتیڤیتە بەردەوام و لە هەموو دۆخەکاندا بە ڕەوتێکی درێژخایەندا تێپەڕ دەبێ و بڕیارە لە ڕێگەی دیالێکتیکی ناوزەینییەوە خودێکی ئایدیۆلۆجیک لەدایک بێ و لە ئەنجامدا سوبژێکتیڤیتەی زاڵ بگۆڕدرێ بۆ سوبژێکتیڤیتەیەکی تر. هەژیر لە کۆتایی ڕۆمانەکدا چارەنووسی خۆی داوەتە دەستی ئەو خودە ئایدیۆلۆجیکەی سوکانداری سوبژێکتیڤیتە تازەکەیەتی. ئەم ڕەوتە کە سەرەتا مژاری فەرهەنگی و ئەدەبی و خۆماڵی لەخۆگرتبوو، وێستگەگەلی کۆڵنەدان و ئازادیخوازی و شۆڕشگێڕیشی تێدایە.

یەکەم ئاماژەکانی ڕۆمانەکە بە شیعرە، ئەویش بەو بەشەی شیعری هاوچەرخی ڕۆژهەڵات کە سەر بە ڕێبازی کلاسیزمە. هەندێ بەرهەمی وەک ناڵەی جودایی و ملوانکەی شین و پاشان ڕیزکردنی ناوگەلی هێمن و هەژار و ئاوات و حەقیقی دەلالەتن لەو قۆناغە فیکریانەی زۆربەی سووژەگەلی نووسیاری کورد پێیاندا تێپەڕیون. سووژە، ئەگەر لە سەرەتاوە لە قوتابخانەدا فێری کوردی بێ، پاش شیعرە ڕیتمێک و گۆرانی ئاساکانی باخچەی ساوایان، ئەم جارەیان بە وشە و دەستەواژە و ڕستە و پەخشانەوە دەست پێ دەکات. بە واتایەکی تر، چینی خوێندەواری ئێستا با ئەگەر خاوەنی ڕوانگەیەکی پتەوی ڕەخنەگرانەش بێ و سووژەی نووسیار، تەنانەت ئەگەر پەخشانی زانستیش دەکار بگرێ، دیسانەوە سەبارەت بە زمانی کوردی هێشتاکانێ هەر زەینییەتێکی شاعیرانە لە ئارادایە و بۆ بەشێکی زۆریش شیعر بە تەواوی بەسەر پەخشاندا زاڵە، ئەمەش جۆرێکە لە ناکۆکی مێژوویی و ناتەبایی قۆناغمەند سەبارەت بە ڕەوتی پەرەسەندنی زەینی کە بەشێکی زۆری سووژە نووسیارەکانی کورد بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتدا تاقییان کردۆتەوە. لە ڕۆمانەکەدا ئەو دەرکەوتەیەی ئەدەبیات، واتە ئەو بەرهەم و ناوە ئاماژەبۆکراوانە، تەواو هاوتەریب و هاوئاهەنگ لەگەڵ ئەو سوبژێکتیڤیتەیەی سەری هەڵداوە. ڕۆمان بۆخۆی ژانرێکی نوێیە، لانی کەم بە نیسبەت سووژەی کوردی ڕۆژهەڵاتەوە، وەک دەزانرێ بێجگە لە یەک دوو نموونەی ساڵانی دوور، لە کۆتایی شەستەکانی هەتاویدا لە ڕۆژهەڵات لە دایک بوو. لە لایەکی ترەوە، ئاماژەکانی ڕۆمانەکە بۆ شیعرن؛ ئەو شیعرانە لیریک و غینایین و هەموو ئەو ناوانەش نۆستالیژیکن. کەواتە، سوبژێکتیڤیتەی پێکهاتوو بە گوێرەی ئەو بەرهەمانە، ڕۆمانتیکە و سووژە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، کە بریتین لە ئازایەتی و ئازادی و ڕزگاری، بە شێوەیەکی کردارەکی هەنگاو هەڵدەگرێ.

### ٣-٣- زمان، بابەتی پیرۆز و سوبژێکتیڤیتەی زاڵ

ئەگەرچی بەردەوام چەندان سوبژێکتیڤیتەی جیاواز بۆ سووژە لەگۆڕێدان، بەڵام ناسنامەی سووژە بە گوێرەی «سوبژێکتیڤیتەی زاڵ» دادەڕێژرێ و هەر بەو پێیەش پێناسە و ناوزەد دەکرێ. سوبژێکتیڤیتەی زاڵ بەو جۆرەی لە شێوەڕوانین و هەڵسوکەوت و بڕیارەکانی هەر دوو کەسایەتیی کەریم و هەژیردا دەرکەوتووە، لە لایەکەوە

تەبایە لەگەڵ مۆتیڤ و بن واتاکانی بەرهەمە ئەدەبییە ئاماژەبۆکراوەکان و لە لایەکی دیکەشەوە هاوتەریبە لەگەڵ ئەو نێرین و ئاماژانەی لە ڕۆمانەکەدا سەبارەت بە زمانی کوردی درکێنراون. شێوازی زمانیی ڕۆمانەکەش هەر بەو پێیە ڕەچاو کراوە. زمانی کوردی، لەم پێڤاژۆیەدا چ لە ڕووی تیورییەوە و چ لە ڕووی هەلومەرج و بەرودوایی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەوە، واتە کۆتایی شەستەکانی هەتاوی لە ڕۆژهەڵاتدا، لە پێگەی بابەتی پیرۆز دایە. دۆخی خەرمانەیی(٥) و پیرۆزیی زمانی کوردی یەکێکە لەو مژارانەی دەمێ ساڵە ویستوومە ئاراستەی بکەم و وا دیارە ئێستا دەرفەتێک هەڵکەوتووە بۆ بە کورتی ئاراستە کردنی، بە حوکمی دەرکەوتنی لە ڕۆمانەکەدا.

بە پێچەوانەی ئەوەی ڕەنگە خوێنەر بیری لێ بکاتەوە، ئەم قۆناغەی زمانی کوردی، واتە زمانی کوردی لە دۆخی خەرمانەییدا، نەک هەر ئەرێیانە نییە، بەڵکو لە ڕووی پەرەسەندنی خەسڵەتە ناونشینەکانی زمانی کوردییەوە، هەروەهاش سەبارەت بە قەیرانی ناسنامەی سووژەی کوردی دەرئەنجامی نەرێنیشی لێ کەوتۆتەوە. زمانی کوردی لە دۆخی خەرمانەیی و پیرۆزدایە بۆ ئەو کەسانەی یەکەم جارە لە حەقیقەتی ئەو زمانە تێدەگەن، چ وەک سیستمێکی سەربەخۆ و چ وەک دەرکەوتنی لە نڤیساردا، وەک کەریم و هەژیر. ئەمە بەو مانایە نییە سووژەی نووسیاری کوردی هەڵگری ئەو ڕوانگەیە نین، بەڵکو سوبژێکتیڤیتە پێش مۆدێرنەکان، زمانی کوردی تەنیا لە ڕواڵەتە سروشتی و ڕەسەنەکەیدا ڕەچاو دەکەن. زمانی کوردی بۆ ئەو کەسانەی کەمتر پێی دەخوێننەوە و دەنووسن و ڕۆژنامە و کتێبی پێ ناخوێننەوە، لە دۆخی خەرمانەییدایە، هەربۆیەش وەک پیرۆز و تەنانەت کیانێکی مەعنەوی و تەواو هەستەکی بەرەوڕووی دەبنەوە. زمانی کوردی، هەروەتر، وەک هۆبێ و کەڵکەڵەی کاتی، یان بابەتێکی سەیر و نەدیتراو و نەژینراو، کەشف نەبووە بۆ ئەو کوردانەی نڤیساری کوردی تەنیا بەشێکی بچووکی ناسنامەیانی گرتۆتەوە، وەک هەندێ لە کەسایەتییەکانی ڕۆمانی گابۆڕ.

سوبژێکتیڤتەی نوێنراو نەک هەر وەک لایەنی زاڵی ناسنامەی هەژیر، بەڵام وەک بزاوتێکی کۆمەڵایەتیی بچووک و سنووردار لەو بەشەی لە کەسایەتییەکان کە ئاگاداری ئەم ڕەوتەن و هاوسۆزییان لەگەڵ هەژیر هەیە، زمانی کوردی لە پێگەی بابەتی پیرۆز و لە دۆخی خەرمانەییدا دادەنێ، ئەگەرچی هەژیر، جیاواز لە زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگا و لە دۆخی زاڵی گوتارمەند، لە بەشی شەش و حەوتدا دەستی بە خوێندنەوەی کوردی کردووە، بەڵام نەگەیشۆتە قۆناغی داهێنانی زمانی و ئەدەبی، یان داهێنانی فیکری بە زمانی کوردی، تەنانەت بۆ هەژیریش زمانی کوردی هەر لەو دۆخە و پێگەیەدا ماوەتەوە. ڕۆمانی گابۆڕ بە حوکمی ئەو هەلومەرجەی هەوڵی نواندنەوەی دەدات، تەنانەت یەک نموونەی نوێکاریی زمانناسانەشی تێدا نییە و لێرەدا ئەمە ئەدەب بە گشتی و ڕۆمان و تەکنیک و فۆرمی گێڕانەوەیە کە بۆ نووسەر گرنگە نەک زمان، هەر بۆیەش لە ڕووی تەکنیکییەوە و سەبارەت بە فۆرم، نوێکاری تێدایەوە و تەنانەت بە بابەتی زاڵی گێڕانەوەکەش دەژمێردرێ، کەچی ئەو گرنگیدانە بە زمان نابینرێ. نووسەر ئەوپەڕی هەوڵی خۆی داوە بە شێوەیەکی تەواو واقیعی ڤێرژێنی ڕەسەنی زمانی کوردی ئەو ناوچەیە بنوێنێتەوە، هەر بۆیەش خوڵقاندنی زمانێکی جیاواز لە ڕووی شێوازناسییەوە نابینرێ، ئەمەش ئاوێنەی بالانوێنی چەشنی ڕووداوەکان و شوێنکات و دۆخی گوتارمەند و کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکەیە.

زمانی کوردی لە دوو سێ دەیەی ڕابوردوودا، واتە پاش ڕێککەوتی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، لە ڕووی ئاستی پەرەسەندنەوە و دیسانەوە هەر لەم ماوەیەدا لە ڕۆژهەڵات نەک لە ڕووی ژمارەی سووژەی ئاخێوەرەوە، بەڵکو لە ڕووی سووژەی نووسیاری ئەو زمانەوە گۆڕانکاریی قووڵی بە خۆیەوە بینیوە. قادر هیدایەتی لە ڕێگەی چونیەکسازیی (هەژیر و هێمن)ـەوە بە شێوەیەکی ناخودئاگا خەریکی هاوتاسازییە لە نێوان خۆی و (هێمن)دا. ئەگەر هێمن شاعیریکی سەرکەوتوو و بەنێوبانگی کوردە، کەواتە قادر هیدایەتیش دەکارێ ڕۆمانێکی تۆکمە بخوڵقێنێ کە هاوکات سەبارەت بە دۆخ و دەور و کاریگەریی زمانی کوردی بێ. با لە بیرمان نەچێتەوە هێمن بۆ زمانی کوردی و دواتر (سروە)، ئەو گۆڤارەی چەندان جار لە ڕۆمانەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە، وازی لەوبەر سنوور هێنا، کەچی لێرە هەژیر هەر دیسانەوە لەبەر ئەو زمانە و ناسنامەکەی و بە هۆی

لاپەڕەکانی سروەوە بۆتە خاوەنی سوبژێکتیڤتەیەکی تازە و ڕوو لە سنوور دەکات، نموونەکانی تری چونیەکدانان لەم ڕووەوە لە ڕۆمانەکەدا بریتین لەو هاوکێشانەی نێوان سەید محەمەد ئەمین شێخولئیسلامی موکری و عەبدولمتەللیب نادرزادە، هێمن و هەژیر و کۆمەڵەی ژ. ک. و کۆمەڵەی هاوڕێیانی ئەو گەڕەکە و بە تایبەت کەریم و هەژیر.

پێوەندی نێوان زمان و سوبژێکتیڤیتە لە ڕێگەی زمانەوە و بە هۆی زمانەوە دروست دەکرێ و لە زماندا دەنوێنرێتەوە. لە سەردەمی دانانی ناڵەی جودایی و ملوانکەی شین لە ڕۆژهەڵاتدا گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی دەرنەدەچوون. لاپەڕەکانی گۆڤاری سروە وەک تەنیا بڵاوکراوەی ئەو سەردەمە، بۆ هەژیر لە پێگەی بابەتی پیرۆزدایە. ڕاستە هێمن بە پێچەوانەی هەژیرەوە کە مامۆستای زمانی کوردی بوو و یەکێکە لە شاعیرە هەرە گەورەکانی سەرجەم سەردەمەکان، بەڵام مامۆستا هێمن نە نووسەری ڕۆمان بوو و نە وەرگێری دەقی زانستی. ئەو بەناوبانگترین و کاریگەرترین و هاوکات دوایەمین شاعیری گەورەی ڕێبازی کلاسیزمە لە ئەدەبی کوردیدا. زمانی کوردی بۆ هەر دوو کەسایەتی لە یەک خانە و دۆخدایە کە وەک دۆخی خەرمانەیی و پیرۆز ناوی لێدەبەم. ئامادەبوونی ئەو ڕوانگەیە بۆ زمان کە باسی لەسەر کرا، لە یەکێک لە وێستگەکاندا هەر ئەو سوبژێکتیڤیتەیە بەرهەم دەهێنێ کە سووژەیەکی ڕۆمانتیک میناک هەژیر خاوەنداری دەکات. هەژیر وەک هێمن خودان کەسایەتییەکی ڕۆمانتیکە. ناوبانگ و دەوری ملوانکەی شین لە ڕۆژهەڵاتی شەستەکاندا و هەر بە هەمان شێوەش هەر دوو پێشەکییەکەی ناڵەی جودایی لایەنێکی پیرۆزیان بەو بەرهەمانە بەخشی بە چەشنێک هەر خێرا پاش بڵاوبوونەوەیان، بوون بە دەقی کلاسیک.

دیالێکتیکە ناوزەینییەکان و گۆڕانکارییەکان لە دەقەری سوبژێکتیڤیتەدا وای لە سووژەی کوردیی قۆناغی هەنووکەیی کردووە کەمتر بەرهەمێکی کوردی بە پیرۆز لە قەڵەم بدات، با ئەگەر دەقەکەش لە ڕووی ئەدەبییەوە پاشخانێکی پتەوی دەستەبەر کردبێ و با ئەگەر لە ڕووی زمانیشەوە ئاستێکی بەرزی شێوازناسانەی تۆمار کردبێ. گۆڕانکارییەیلی سوبژێکتیڤ چ لە ئاستی تاکەکەس و چ لە ئاقاری کۆمەڵایەتیدا لە دوو سێ دەیەی ڕابوردوودا، بە تایبەت لە ڕۆژهەڵات و باشووردا، بۆتە هۆی گۆڕینی ڕوانگەکان بۆ زمان و ئەدەبی کوردی کە دەکارین، والتەر بینیامین کوتەنی، بە قۆناغی «پاش-خەرمانەیی» لە قەڵەمی بدەین. زمانی کوردی بۆ گابۆڕ و لە گابۆڕدا (واتە چ وەک سەرەک واتا و چ لە پێگەی ئامرازی نووسیندا) لە دۆخی خەرمانەییدایە، چونکە هەوڵی نواندنەوەی شوێنکاتی پێش ئەو مێژووە دەدات.

لە هیچ کوێی دنیا ڕۆمانی شیعری و هۆنراو بوونی نییە و ئەگەر هەشبێ، ئەوە ئیدی ناچێتە خانەی ڕۆمانەوە، بەڵکو جۆرێکە لە جۆرەکانی شیعر. هەڵبەت ڕۆمان دەکارێ هەڵگری شیعر، یان هەندێ بەشی شیعرئاساش بێ و نموونەکان بۆ ئەم قسەیە زۆرن. ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیی ڕۆژهەڵاتدا، بێجگە لە یەک دوو نموونەی دیاریکراو، ژانرێکی تازەیە و ڕێک هاوتەمەنی بڕیارەکەی هەژیرە لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا. سەرهەڵدانی ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیی ڕۆژهەڵاتدا هاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی سوبژێکتیڤیتەیەکی تازەی ئەدەبی؛ ئەمەش ئەو سوبژێکتیڤیتەیە کە ڕۆمانەکە بە هیچ شێوەیەک ئاوڕی لێ ناداتەوە بە حوکمی ئەوەی لە شەستەکاندا بزر بوو.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا ئەوەش بڵێین کە هەر دوو سوبژێکتیڤیتەی پێشوو و تازە لە ڕۆمانەکەدا، بە تەواوەتی پیاوانەن و تەنانەت زمانەکەش پیاوتەوەرە، ئینجا چ زاری کوردیی ناوەڕاستی موکریی بۆکان بێ، یان زمانی ڕۆمانەکە. پێوەندی دوولایەنەی نێوان زمان و سوبژێکتیڤیتە، لێرەشدا دیسانەوە ڕەنگی داوەتەوە و ڕۆمانەکە هیچ جۆرە مەودا و دەرفەتێک بۆ ژن ناهێڵێتەوە کە دەنگ هەڵبڕێت و لەم ڕووەوە بە تەواوەتی دژە-فێمینیستییە. زمان گرنگترین لایەنی پێکهێنەری بابەتی هێماییینە و لەم ڕۆمانەشدا ئەرکی خۆی بە باشی بەجێ هێناوە.

**٤- دەرکەوتەکانی سنوور لە گابۆڕدا**

**٤-١- سنووری نێوان زمانی ئاخاوتن و زمانی نووسین**

ڕەچاوکردنی ئەرک و جیاوازییەکانی زمانی ئاخاوتن و زمانی نووسین لە دەقی ئەدەبی کوردیدا کەمتر سەرنجی

دراوەتێ. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم تایبەتمەندییە دەگەڕێتەوە بۆ بەهەند وەرنەگرتنی سنووری نێوان ئەو دوو دەرکەوتەیەی زمان بە هۆی پەرەنەسەندنی زمانی نووسینەوە کە خۆی لە دوو شێوەی جیادا دەبینێتەوە کە بریتین لە زمانی ئەدەبی تۆکمە و زمانی زانستیی پاراوە. سەپاندنی زمانی ئاخاوتن بەسەر زمانی نووسیندا ئەو خەسڵەتە گشتییەی نووسینی کوردییە کە تەنانەت تا ئێستاشی لەگەڵدابێ بەردەوامە، هەرچەند بە بەراورد لەگەڵ قۆناغە پێشووەکانی پەرەسەندنی زمانی کوردی بەرەوپێشچوونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە.

لە ڕۆمانی گابۆڕدا بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ سنووری نێوان زمانی ئاخاوتن و زمانی نووسیندا کراوە، ئەمەش بە تایبەتمەندیی ئەرێنیی ئەو بەرهەمە دادەنرێ. کوتم، کوتی، کوتییەکان، لەخۆگری زمانی ئاخاوتنن و بەشەکانی تر مۆرکی زمانی نووسینیان پێوە دیارە. جیاوازی نواندنەوەی ئەو دوو دەرکەوتەیەی زمان هێندە لە ڕۆمانەکەدا بایەخی دراوەتێ کە تەنانەت لە ڕێنووسیشدا هەوڵی زۆر دراوە بۆ دانانەوەی پیت و وشە و دەستەواژە و ڕستەکان بە تەواوەتی بەو جۆرەی دەردەبڕدرێن. ئەم ڕۆمانە بەوپەڕی هەستیاری و وریاییەوە تایپ کراوە و زۆر کەمن ژمارەی ئەو نموونانەی تایبەتمەندی شێوەی زمانەکەیان، بە نووسین و ئاخاوتنەوە، تێدا ڕەچاو نەکرابێ. ئەم وشانەی خوارەوە ڕێک بە گوێرەی شێوەی دەربڕینی خۆماڵییانە تایپ کراون: ئەگە، خولا، هەتی، دەبێ ببیە شاعیر، چراقەوە، عەسلی، تەحتیل و... تاد، تەنانەت بە مەبەستی نواندنەوەی شێوەی دەربڕینی عەبدول موتەللیب لە لایەن کەسە جیاکانەوە بە ئەنقەست چەندان شێوەی جیای دەربڕینی ئەو ناوە تۆمار کراوە. هەر بە هەمان شێوەش، لە ڕستەی «حاجی تەپانچە داری؟»دا بە تەواوی هەوای دەمی ئەو ئاخێوەرە کوردە نەک زۆر خوێندەوارە دەبینرێ کە هەوڵی قسەکردن بە فارسی دەدات.

گەرچی مۆرکەکانی زمانی نووسین ڕەچاو کراون، بەڵام دیسانەوەش بە هۆی بایەخدانی زۆر بە تەکنیکەوە کەمتر سەرنجیان دراوەتێ، واتە دەکرا لە ڕێگەی بایەخدانی زیاتر بە شێوازی ئەدەبی هەندێ بەشی ڕۆمانەکەوە، سەرهەڵدانی سوبژێکتیڤیتەی ئەدەبیش زەق بکرێتەوە، کەچی زۆر جار بەرەو لای سادەبوونەوە دەکشێتەوە. ژمارەی پەرەگرافە یەک ڕستەییەکان لەم ڕۆمانەدا زۆرن و بەشێکی زۆریان درێژەی پەرەگرافی پێشوون و بە ئاسانی و بەبێ هیچ کێشەیەک دەتوانن یەک پەرەگراف پێک بهێنن. دیسانەوە بە هۆی گرینگایەتی بەرچاوی تەکنیکەوە، کەمتر ئاوڕ لە نوێکاریی زمانی دراوەتەوە، هەر بۆیەش تەنانەت یەک نموونەی نیۆلۆژیزمی لە سەرلەبەری ڕۆمانەکەدا بەدی ناکرێ. بەشێکی ئەم خاڵە لاوازانە لەو بەشەی گێڕانەوەکەدا کە بە ئیتالیک تایپ کراوە، نابینرێن و چارەسەرکراون. بە واتایەکی تر، ئەو بەشە دەقێکی تێکگوشراوە و بە دەکارگرتنی چەندان هێما و دەنگەناو و وێنەوە لە شوێنکاتێکی لێڵدا، بوومەلێڵی کوشتارگا، هەوڵی نواندنەوەی ئەو ئەزموونە زەینییە دەدات و ئاڵۆزیی ناخ و کێشمەکێشی نەستی کەسایەتییەکە دەردەخات.

### ٤-٢- بگێڕەوەکان لە نێوان سنووری ئەگەنە و ئەگەدەدا

باسکردن لە سنوور لەم ڕۆمانە بە شێوەیەکی گشتی و لە قەڵەمدانی وەک سنووری دەستکردی سیاسی نێوان ئەم دیو و ئەودیو، یان سنووری نێوان دوو وڵاتی جیاواز، ڕاڤەیەکی ئاساییە و لەم ڕووەوە نەک ڕۆمانەکە و نەک ئەو جۆرە خوێندنەوانە هیچ جۆرە نوێکارییەکیان تێدا بەدی ناکرێ. بە باوەڕی من، لە پاڵ ئەو نموونەیەی سەرەوەدا، یەکێکی تر لە دەرکەوتە گرنگەکانی سنوور کە ڕۆمانەکە هەوڵی وێناکردنی دەدات بریتییە لە سنووری نێوان کورد و غەیری کورد لە ئێراندا. ئەم ڕۆمانە لە ئێراندا نووسراوە، کەچی بچووکترین ئاماژەیەکیشی بۆ شارە گەورەکانی ئێران تێدا نییە. هیچ ناوێک لە ئەدەب و فەرهەنگ و هونەر و شیعر و مۆسیقای ئێرانی (بە فارسی و تورکیشەوە) نەبراوە. تەنیا نموونەی ئاوارتە، ئاماژە فرەپاتەکانە بۆ گرینگایەتی سەعدی و بەرهەمەکانی و ئەویش هۆکاری دیاریکراوی خۆی هەیە کە پێشتر باسم کرد، ئەگەرچی لەم ڕۆمانەدا بچووکترین ئاماژەیەک بۆ نێو ماڵی دەسەڵات نەکراوە و بۆ نموونە بێجگە لە دووبارەکردنەوەی زەقی وشەیەکی وەک «ئیست»، دیالۆگێکی بایەخداریشی بۆ دانەنراوە، بەڵام لە سەرانسەری ڕۆمانەکەدا ئامادەبوونێکی بەهێز و بەرچاوی هەیە.

دابڕانی نێوان کەسایەتییەکان و زمان و ئەدەب و

ناسنامەیان لە لایەکەوە و هێزی دەسەڵات لە لایەکی ترەوە ئەو قەڵشتە گەورە و هەستپێکراو، بەڵام نەدیتراوەی سەرومڕی ڕۆمانەکەی پێکهێناوە کە پێویستە زیاتر لێک بدرێتەوە، واتە دابڕانەکە بە تەواوەتی ئامادەیە، کەچی ڕۆمانەکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بچووکترین ئاماژەیەکیشی بۆ نەکردووە و سەرجەم هێماکان لەم ڕووەوە ناڕاستەوخۆ و دراماتیک داچێنراون، هەروەتر ڕۆمانەکە بە ئەنقەست لێوڕێژ کراوە لە فۆلکلۆر و کایەی منداڵان و بەشە فەرهەنگییە جیاجیاکان و پراکسیسە کۆمەڵایەتییە خۆماڵییەکان، هەروەهاش وێستگە جیاجیاکانی سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵی لە کۆمەڵگایەکی کوردیدا. هاوکات بەردەوامیش هەوڵی نواندنەوەی شێوازێکی ڕەسەنی زمانی کوردی دەدات لە ڕووی داڕشتە و پێکهاتە و ڕستە و دەستەواژەکانەوە، کەچی لە هەمبەردا، تەواو دیارە کە دەڤەرەکە لە لایەن هێزێکی زۆردارەوە داگیر کراوە و کەشێکی میلیتاریستیش زاڵە کە تایبەتە بە شەستەکانی ڕۆژهەڵات.

پازگە و دیژبانی و سەرجەم ئەو شوێنانەی لەو پێوەندییەڕا لە ڕۆمانەکەدا ناویان براوە، تێکڕا نموونەکانی «ئەگەدە»ن، واتە ئەوی دی گەورەی دەرەکی. لە ڕوانگەی منەوە، ئەگەدە تایبەتە بەو کۆمەڵگا فرەنەتەوە و چەند ئەتنیکیانەی تێیاندا سوبژێکتیڤیتەی نەتەوەی باڵادەست زاڵە، هەربۆیەش ناسنامەی سەرجەم نەتەوە و گرووپە ئەتنیکییەکانی خستۆتە بەر ڕکێفی خۆیەوە. پێشتر لە نووسینێکدا باسی «ئەگەنە»م کردووە و مەبەستم لەو زاراوەیە ئەوی دی گەورەی ناوەکییە کە خۆی لەو گوتارە ئایدیۆلۆجیکە نێوخۆییانەدا دەبینێتەوە کە لە وڵاتە فرە نەتەوەکاندا و بۆ نەتەوە جیاجیاکان و گرووپە ئەتنیکییە دیاریکراوەکان ئامادەیە. سووژە بە شێوەیەکی دنیاداگر و لە ڕوانگەی ئەو تیوریانەی هەڵگری کۆمەڵێ بانگەشە و بنەواشەی گەردوونین، بەردەوام و بە شێوەیەکی گشتی لە هەمبەر ئەوی دی گەورەدا جێگیر کراوە، بەڵام وەک چۆن پێشتر بە ئینگلیزی نووسیومە و ئەمێستاش یەکەم جارە ڕاستەوخۆ بە کوردی باسی دەکەم، ڕەوتی پێکهاتنی ناسنامەی سووژەی کوردی بەردەوام لە پێوەندی ڕاستەوخۆدایە لەگەڵ ئەگەنە و ئەگەدەدا.

گوتاری فێرکارانەی فەرمی و سیستەمی پەروەردە و پێگەی قوتابخانە و مەدرەسەکان بەشێکن لە ئەگەنە؛ کەچی وەک لە ڕۆمانەکەشدا دەرکەوتووە، پەروەردە بە تەواوەتی لە ژێر کاریگەری ئەگەدەدایە. بە واتایەکی تر، گوتاری فێرکارانە لە ڕواڵەتی سیستەمی پەروەردەی ڕەسمیدا کە بۆخۆی بەشێکی گرنگە لە ئەگەنە، لێرەدا واتە چ لە ڕۆمانەکەدا بە تایبەتی و چ لە سەرجەم ڕۆژهەڵاتدا بە گشتی، لە لایەن ئەگەدەوە پێناسە و چاودێری دەکرێ، هەرچەندە بەڕێوەبەرانی ئەو سیستەمەش بۆخۆیان سووژەی خۆجێیی بن؛ سەرجەم سەرچاوەکان لە وەزارەتخانەوە و لە ناوەند دانراون و زمانەکەش فارسییە، با ئەگەر قوتابییەکان و مامۆستاکان و بەڕێوەبەرەکانیش کورد بن.

ئەگەرچی سنووری نێوان ئەگەدە و ئەگەنە لەم ڕۆمانەدا بە تەواوی ڕەچاو کراوە (وەک سنووری نێوان پازگە و مزگەوت لەگەڵ بنەماڵە و کوشتارگادا)، بەڵام لە هەندێ نموونەشدا ئەو سنوورە تێک دەچێ (وەک ڕەوشی پەروەردە). لە پاڵ ئەمەشدا، سنووری نێوان بگێڕەوە و کۆی ئەو پێکهاتەیەی بە ئەگەدە دانراوە نەک هەر بە تەواوی هەست پێ دەکرێ، بەڵکو دەشیەوێ و بڕیار دەدات لە هەمبەریدا ڕابوەستێتەوە. بگێڕەوە تەنانەت بەرهەڵستکاری دەرکەوتەکانی ئەگەنەش دەبێتەوە (وەک ئەو هەڵوێستانەی دژی هەڵسوکەوت و ڕوانینی زاڵی هەندێ بنەماڵە و خێزانی کوردی هەیەتی). پێوەندی زەینی نێوان بگێڕەوە لە لایەکەوە و ئەگەنە و ئەگەدە لە لایەکی ترەوە لە ئەنجامدا ڕەوتی پێکهاتنی ناسنامەی لێکەوتۆتەوە، ئەگەرچی کۆی ڕۆمانەکە لەخۆگری پراکسیس و خەیاڵ و بەسەرهاتی سووژەی کوردییە (بە هەر دوو بەشی خودی عەقڵانی و زەینی ناهۆشیارییەوە)، بەڵام لەم نواندنەوەیەدا ئەگەدە وەک هێزێکی تاریکی هەردەم چالاک ئامادەبوونی هەستپێکراوی هەیە. پێوەندی نێوان بگێڕەوە و ئەگەدە کە لە نەبووندا دەرکەوتووە، ئەو بۆشاییەی دروست کردووە کە وەک وزەیەکی کارایە و بەو پێیە ڕەوتی ڕۆمانەکە دەچێتە پێشێ. هیچ ڕێگاچارەیەکی تر لەبۆ نووسەر لە ئارادا نەبووە بۆ داپۆشین و خۆگێلکردن لە ئەگەدە و هێندە لایەنە دیار و نادیارەکانی ژیانی سوژەی کوردی لە ڕۆژهەڵات تەنیوەتەوە کە ئەگەر نەشیەوێ دیسانەوە دەردەکەوێ.

## ٥- مۆرکەکانی گێڕانەوە لە گابۆڕدا

### ٥-١- تەکنیک و بابەتی زاڵ

جیاوازییەکانی کتێبی پیرۆزی قورئان لەگەڵ ئینجیل و تەوراتدا، بەتایبەت لەگەڵ کتێبی پیرۆزی بەڵێنی نوێدا لە ڕووی گێڕانەوەناسانەوە و کارتێکەریی سیستمی گێڕانەوەی ئەو دوو کتێبە لە سەر ئەدەبیات و بە تایبەت کاریگەریی فۆرمی گێڕانەوەی ئینجیلەکانی بەڵێنی نوێ لەسەردەمی پاش ڕێنیسانسدا یەکێکە لەو هۆکارانەی کە جیاوازی بنەڕەتی گێڕانەوەی لە وێژەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا لێ کەوتۆتەوە. چوار ئینجیلەکەی بەڵێنی نوێ لە چوار ڕوانگەوە هەوڵی گێڕانەوەی یەک ڕووداو و یەک بەسەرهات دەدەن و چوار جۆری جیاوازی گێڕانەوەیان دەستەبەر کردووە، کەچی وێڕای وێکچوویی، لێکدیش جیاوازن. لە لایەکی ترەوە، ئەگەرچی لە قورئانی پیرۆزدا و لە چیرۆکەکانی وێژەی زارەکی فۆلکلۆری کوردیدا و نەخاسما لە ڕاس و بەیتەکاندا و تەنانەت لە گۆرانییەکی ساکاری فۆلکلۆریکیشدا تێکەڵکاری گۆشەنیگاکان دەبینرێ، بەڵام ئەو تەکنیکە هێندە ئاڵۆز و بەرفراوان نییە کە ببێتە هۆی بەخشینی مۆرکێکی جیاواز بەو بەرهەمە لە باری فۆرمەوە. گۆشەنیگا لە کتێبی قورئاندا خێرا دەگۆڕدرێ، بێجگە لە هەندێ نموونەی ئاوارتە، سەرجەم نموونەکانی تری هاوچەشن لەو کتێبەدا بە هۆی ساکاری و سادەییەوە فام دەکرێن. هەر بە هەمان شێوەش، لە ئەدەبی زارەکی کوردیدا گۆشەنیگاکان و بەردەنگ دەگۆڕدرێن وەک چۆن پاش «خاڵێ لەسەر گۆناتە/ دایم دڵم لە لاتە» خێرا دەوترێ «خاڵێک لەسەر ڕوومەتی/ دایم دڵم لایەتی». هەر ئەم مۆرکە ساکارە لە ڕۆمانی مۆدێرنیستی و پاش مۆدێرنیستیدا ڕواڵەتێکی مەتەڵئاسا لەخۆ دەگرێ و دەبێتە هۆکاری بەهێزتربوونی فۆرمی بەرهەمەکە بە چەشنێک کە سەرەتا پێویستە هەڵبێنێ، پاشان لە سەرەک واتاکانی تێ بگەیت. ئەو پەرسەندنانە لە ئەدەبی گێڕانەوەیی ڕۆژهەڵاتدا کەمتر وەبەرچاو دەکەون.

بە مەبەستی لێکدانەوەی لەونی گۆشەنیگاکان و دەرخستنی تەکنیکی زاڵ لە گابۆڕدا ناچارین ئاوڕێک لە تیۆریی بابەتی زاڵی یاکوبسن بدەینەوە. شیکاریی «بابەتی زاڵ» لە گێڕانەوەدا لە بنەڕەتدا لە ناوی ئەو وتارەوە وەرگیراوە کە یاکوبسن لە ١٩٣٥دا نووسی؛ ئەمەش پاش ئاراستەبوونی بیرۆکەی «نامۆکاری» لای شکلۆڤسکی و دواتر «بەرجەستەسازی» لای تینیانۆڤ بوو کە یاکوبسن پەرەی بەو باسانە دا. تیۆریی بابەتی زاڵ دواتر لەسەر دەستی خودی یاکوبسن و ئەم جارەیان لە زانکۆی هارڤارد لە وتاری زۆر کاریگەری «جەمسەرە خوازەیی و مەجازییەکان»دا (١٩٥٦) بە تەواوی دەکارگیردرایەوە. ئێستاکەش زۆرن ئەو کەسانەی کەڵک لەم بیرۆکەیە وەردەگرن و ئەم چەمکەش بۆتە بابەتێکی فرەپاتی گوتاری ڕەخنەیی، کەچی وەک بینیومە هەندێ توێژەر ئاماژە بۆ سەرچاوەی تیۆرییەکە ناکەن، یان بە هەڵە بە کاری دەهێنن. ڕەنگە ناسراوترین نموونە، ڕوانگە تیۆریکەکانی دەیڤید بۆردوێڵ بێ سەبارەت بە تیۆریی فیلم و خاڵی سەیر لەوەدایە لە زۆربەی توێژینەوەکاندا ئەم بیرۆکەیە بە ناوی بۆردوێڵەوە تۆمار کراوە.

تەکنیکی زاڵ لە ڕۆمانی گابۆڕدا بریتییە لە تێکەڵکاری و دووبارەکردنەوەی گۆشەنیگاکان و بەکارهێنانی هاوکاتی چەندان گۆشەنیگا و بگێڕەوەی جیاواز؛ ئەمەش لە ڕووی تەکنیکەوە بە لایەنی ئەرێنی بەرهەمەکە دەژمێردرێ، بەڵام لە ئاستێکی هێندە بەرز و ئاڵۆزدا نییە کە خوێنەر ناچار بکات بۆ دۆزینەوەی واتاکان وزەی داهێنەرانەی خەیاڵی خۆی بخاتە گەڕ. ئەم ڕۆمانە گۆشەنیگا و بگێڕەوەیەکی دیاریکراوی تایبەتی نییە و ژمارەیان زۆرن. لەم ڕێگەیەشەوە و تەنانەت بە سەرنجدان بە ناوی ڕۆمانەکەوە، دەیەوێ ئەوە ئاراستە بکات کە ئەم چیرۆکە بە جۆرێک چیرۆکی هەمووانە و هی تاکە دەنگ و بگێڕەوەیەکی دیاریکراو نییە. بەم چەشنەش لە هێمای کەسەکییەوە دەست پێ دەکات و هەنگاو هەڵدەگرێ بۆ هەمەکی کردنەوەی ئەو کەڵکەڵانە و لەم کارەشیدا سەرکەوتوو بووە.

### ٥-٢- گێڕانەوەی هاوتەریب و فۆرمی مۆدێرنیستی

لە ڕۆمانەکەدا دوو گێڕانەوەی بە ڕواڵەت جیاواز و دابڕاو، بەڵام ڕاستییەکەی پێوەندیدار دەردەکەون؛ یەکێکیان گێڕانەوەی سەرەکی ڕۆمانەکەیە و زۆربەی لاپەڕەکانی گرتۆتەوە و ئەوی دیکە هەر چەند لاپەڕەیەک جارێک دەردەکەوێ و کۆی ئەو پەرەگرافانە دەگرێتەوە کە ئیتالیک کراون. ئەم بەشە بۆخۆی یەک گێڕانەوەی سەربەخۆیە و لە ڕووی شێوازناسانەشەوە جیاوازە لە

گێڕانەوەی سەرەکی بە حوکمی ئەوەی پارچەپارچەیە و هەر پارچەیەک بەردەوامی تێدایە و لەپڕ دەست پێ دەکا و بەبێ ئەنجامێکی دیاریکراو کۆتایی دێ. ڕستەکانی دوور و درێژن و لێوانلێون لە هێما و ناوەدەنگ و وێنەگەلی جیاجیای دیداری و ژنەفتەنی.

گابۆڕ بە پێی ڕێساکانی واقیع نوێنی، هەوڵی بەرجەستەکردنەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی جڤاکێکی کوردی دەدات، هەروەهاش، گێڕانەوە سەرەکییەکە لە ڕووی بەرودوایی ڕووداوەکانەوە تا ڕادەیەک هێڵدارە و کەمتر هەڵگری ناڕێکی کاتمەندە. زمانی ئەو بەشەش لە گێڕانەوەکە کە پشکی شێری ڕۆمانەکەی بەرکەوتووە، دیسانەوە ئەو شێوازە کوردییە ڕەسەنەیە خەڵکی ئەو ناوچەیە قسەی پێ دەکەن. شوێنکاتەکەش بریتییە لە هەندێ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (وەک بۆکان بە نموونە) لە کۆتایی شەستەکانی هەتاوی، یان هەشتاکانی زایینیدا. مۆرکەکانی گێڕانەوەکە بە گشتی تا ئێرە لەسەر بەستێنێکی ڕیالیستی داڕێژراون؛ بەڵام دەکارگرتنی چەندان بگێڕەوە و گۆشەنیگای جیاواز، هەروەهاش دەرخستنی سوبژێکتیڤیتەی مۆدێرنی هەستیار بەرانبەر بە چەشنی زمانی بەکارهاتوو، بە تایبەت لەخۆگرتنی پارچەکانی گێڕانەوەیەکی سوریالیستی و سەرنجدان بە باری زەینیی کەسایەتییەکان و واقیعی ناوەکی تاکەکان تێکڕا لایەنێکی مۆدێرنیستیش دەبەخشنە ئەم بەرهەمە. فرەپاتی ئەو هەموو کوتم کوتییە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە، وێڕای ئەوەی جۆرێک لە خێرایی و تەنشت و دڵەڕاوکێ دروست دەکات کە تایبەتە بە کەسایەتییەکانی کۆمەڵی هاوچەرخ، خێرایی ڕەوتی گێڕانەوەکەشی لێ کەوتۆتەوە.

گەر بەشی یەکەم هەڵگری گێڕانەوەیەکی مۆدێرنیستییە لەسەر بنەمای ڕیالیزم، بەشی دووەم شێوازێکی سوریالیستی هەیە. ئەم بەشە زیاتر دەرکەوتەی ناخودئاگای بگێڕەوەی بەشەکەیە. تێکەڵکاریی واقیعی دەرەکی و وێنەی خەیاڵکرد لەم دوو بەشەی گێڕانەوەکەدا بە تەواوی دەبینرێ، ئەگەر بەشی یەکەم گێڕانەوەیەکی هۆشیارانەیە، بەشی دووەم بەرهەمی زەینی ناخودئاگایە و واتاژەن کراوە بە هێما و نیشانە دەروونشیکارانەکان، هەر بۆیەش تەنانەت دەکرێ وەک گێڕانەوەی خەونێک ڕاڤە بکرێ. ئەو بەشە وەک دەنگێکە، بێجگە لە دەنگی کەسایەتییەیل و گێڕەوە، بە شێوەیەکی سەربەخۆ و جیا، کەچی پێوەندیدار بەوانەوە و تەواو دراماتیک و پێکهاتوو لە گەلێک وێنەسازیی جیاجیا، خوێنەر بەرەو لای ڕاڤەی سەرەک واتاکانی ڕۆمانەکە ڕێنوێنی دەکات.

ناهاوچەشنیی خودئاگا و ناخودئاگا چ لە ڕووی زمانەوە و چ لە ڕووی ئاوات و هیوا ئاشکرا، یان شاراوەکانەوە و چ لە ڕووی شوێنکات و کردارەکانی پێشهاتی ڕاستەقینەی ڕووداوەکانەوە، بە تەواوی لە هەر دوو گێڕانەوەکەدا دەرکەوتووە. پارچە جیاجیاکانی بەشی دووەم پێوەندی واتایی نزیکیان هەیە لەگەڵ ئەو بەشەی تێئاخێنراون؛ بۆ نموونە، ڕێک لەو بەشەی باسی زمانبڕین و ونکردنی گۆڤارەکە دێتە پێشێ و دایکی هەژیر دەبێژێ جەعفەریان بە هۆی دوو لاپەڕە زمانی کوردییەوە لە ناو برد، هەر لەو شوێنە لە وێنە سوریالییەکەدا لە کوشتارگا زمانی گوێلکەکە دەردەهێنن. هەر بە هەمان شێوەش، ئیماژی قەسابخانە و کەشی لێڵی بەدیهاتوو بە هۆی تاریکی هەواوە و دەنگی سەگوەڕ وەک خوازە، هاوکات لەگەڵ دەنگی مزگەوتدا، جیا لەوەی دەلالەتن لەوەی بەرهەمی ناخودئاگان، هەموویان پێکەوە، وێڕای نزیکی ئەم شوێنگەیەش لە پازگا، وێنەیەکی سوریالی و وەهماوی و سامناک دروست دەکەن کە کۆدەکانی دەکرێ لە ڕێگەی کۆنیشانەسازییەوە بکرێنەوە. بە بارێکی تردا، سەرجەم هێما و خوازەن بۆ ئەو هەلومەرجەی کەسایەتییەکانی تێدا دەژین.

وەک چۆن بەرهەمی ناخودئاگا پارچەپارچەیە، لێرەشدا ئەو بەشەی ڕۆمانەکە بە شێوەی پارچەپارچە لە بەشەکانی ڕۆمانەکەدا دەرکەوتووە. دووبارەبوونەوە و جێنشینی و تێک گوشراوی کە کۆمەڵێ تایبەتمەندیی خەونن بە پێی ڕاڤە فرۆیدییەکەی، لەم بەشەدا دەبینرێ. لە ڕۆمانەکەشدا وەک دنیای واقیع، لە کۆتاییدا ئەمە ناخودئاگایە کە سەردەکەوێ؛ واتە ناخودئاگا ئەرکی خۆی بەجێ هێناوە؛ ئەگەرچی ڕاستییەکەی هیچ جۆرە سەرکەوتنێک بۆ سووژە لە ئارادا نییە. هەڵسەنگاندنی ئەم پرسە دەچێتە خانەی توێژینەوەی گێڕانەوەناسیی شکستەوە و سەرەتا پەنجە دەخاتە سەر بۆشاییەکان: تۆپ، تیمی یەکگرتوو، کچ، زمانی کوردی، چاپەمەنی کوردی و ئازادی.

ڕۆمانەکە بە باشترین شێوە سنووری نێوان ئەم دوو

گێڕانەوە هاوتەریبەی دەرخستووە، نەک هەر بە بۆنەی ئیستالیک بوونی ئەو بەشەوە، بەڵکو ئەگەر تەنانەت ئیتالیکیش نەدەکرا، هەر دەتوانرا شێوازە جیاوازەکەی لێک بدرێتەوە. گێڕانەوە لە گابۆڕدا لەسەر سنووری نێوان خودئاگا و ناخودئاگا دارێژراوە، نێوان ڕیالیزم و سوریالیزم، نێوان واقیعی دەرەکی و واقیعی ناوەکی، نێوان ڕۆمان وەک ژانری ئێستا و ئوستوورەکانی سەردەمانی ڕابوردوو، یان بەرهەمە ئەدەبییە کلاسیکەکانی تر. لەم ڕێگەیەشەوە، لە لایەکەوە، گرنگی داوەتەوە نواندنەوەی نموونە دێرینەکان و سەرچەشنە ئوستوورەییەکان، لە لایەکی تریشەوە، لایەنی نێوان دەقی بەرهەمەکەی بەرجەستە کردۆتەوە.

## ٦- ئەنجام

لە ڕۆمانی گابۆڕدا ڕەوتی پێکهاتن و جێگوڕکێی سوبژێکتیڤیتە نوێنراوەتەوە و ئاماژە کراوە بۆ ئەو گوتارە ئایدیۆلۆجیکانەی لە بنیادنانی ناسنامەی سووژەدا دەوری ئەوی تری ناوەکی و دەرەکی دەگێڕن؛ بە هەمان شێوەش، سنووری نێوان ئەوان، هەروەها شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی سووژەی کوردی لەگەڵیاندا بەرجەستە کراوەتەوە. گێڕانەوە لە ڕۆمانی گابۆڕدا پێکهاتەمەندە و وەک گشتێتییەکی هەڤگرتوو دەرکەوتووە. گابۆڕ بە شێوەیەکی مۆدێرنیستی و لەسەر بەستێنێکی ڕیالیستی، کۆمەڵێ واتا و هزری ڕۆمانتیک دەنوێنێتەوە و لەم گێڕانەوەیەشدا پشتی بە هەندێ تەکنیکی سوریالیستی بەستۆتەوە. ناواخنی ڕۆمانەکەش وەک بەشێکی زۆری مۆدێرنیزم، ئەخلاقی و ڕێسامەندە، هەربۆیەش سەرەک واتا و واتا و بن واتای لەناوچووی تێدا نییە. گابۆڕ زیاتر لە ڕووی تەکنیک، فۆرم و پێکهاتەوە کەمتر لە ڕووی زمانەوە بەهێز دەرکەوتووە.

## پەراوێزەکان:

١- شێروود ئەندێر سۆن «دەمەوێ بزانم بۆچی» وەرگێڕانی بەختیار سەجادی، سروە، س، ١٧، ژ١٧٨ (بانەمەڕی ١٣٨٠، ل٢٩-٣٨.

**2- Materialized language.**

**3- Negativity.**

**4- Reversed identification.**

**5- Auratic status.**

**سەرچاوەکان:**

**هال، دونالد الی. سوبژکتیویته در ادبیات و فلسفه: مبانی و نظریه‌ها. ترجمه بختیار سجادی. تهران: اقتصاد نوین، ١٣٩٥.**

**هیدایەتی، سەید قادر. گابۆڕ. سەقز: گوتار، ١٣٩٤.**

**یاوری، حورا. داستان فارسی و سرگذشت مدرنیته در ایران: گفتارهایی در نقد ادبی. تهران: سخن، ١٣٨٨.**

**Benjamin, Walter. "The Work of Art in the Age of Mechanical Reproduction." Illuminations. Trans. Harry Zohn. Ed. Hannah Arendt. New York: Schocken Books, 1969.**

**Chiesa, Lorenzo. Subjectivity and Otherness: A Philosophical Reading of Lacan. Cambridge, MA: The MIT Press, 2007.**

**Jakobson, Roman. "Two Aspects of Language and Two Types of Aphasic Disturbance," in Fundamentals of Language. Roman Jakobson and Morris Halle. 2nd edn. The Hague: Mouton, 1971.**

**Larmore, Charles. "The Concept of a Constitutive Subject." in The Talking Cure: Essays in Psychoanalysis and Language. Colin MacCabe, ed. London: Macmillan, 1981, pp. 108-31.**

**MacCabe, Colin. James Joyce and the Revolution of the Word. 2nd edn. Basingstoke: Palgrave Macmillan, 2003.**